# سەرتاپای تەمەن هی تۆیە

★ کاوەی خەسرەوکاوانی ★



سالیك تەمەنم بەخشیووە

بەعیشقی تۆ

تورەمەبە وادەساڵم بەتۆدەدەم

نانا ئازیز سەرتاپای تەمەنی ماندووم

بۆبزەییێکت دەفرۆشم...

لەگەڵ خوێنم تێکەڵاوی

بەناوهەموو دەمارەکان لەهاتووچۆی

تەزووی رۆحی و

ئەتۆی فەرمانڕەوای هۆشم...

چەندهەنگاوێك بۆدیدارێکی تۆدەبڕم

دلگیرمەبە ملیۆنێك هەنگاو بۆتۆیە

نانا دڵم هەنگاوەکان تەنیا بۆتۆ لەهاتووچۆن...

من یەك دڵ و هەزارخۆزگەو

بێ کۆتا هیوام لە ناخە

دەست پێك و دوایین ئامانجیان

تەنیا لەنێو باوەشی تۆن...

2007/11/21